# دەستوور لەناو جەنگ وخوێندا

# کام ڕێگاچارە؟

**محمـــــد غفـــور**

mgafor@yahoo.com

**هێرش وپەلاماری سەربازی ئەمریکا لەژێرناوی ڕزگارکردنی خەلکی عێراق ولەناوبردنی چەکی کۆکوژ وبنبڕکردنی تیرۆردا، کۆمەڵگای عێراقی گۆڕی بۆ وێرانە وجەنگەڵێك کەژیانی ئاسایی ئینسان تیایدا بەتەواوی ماناو ناوەڕۆکی خۆی وونکردووە، وناسنامەی هاووڵاتیبوون وڕوخساری کۆمەڵی شارستانی وەکو دیاردەیەکی دوورەدەستی لێهاتووە. کۆمەڵێك دەستە وتاقم وچەکبەدەست وڕێگری ئیسلامی وقەومی وعەشیرەیی بوونەتە حاکم وفەرمانڕەوا، وهەر گۆشەیەکی ئەم کۆمەڵگایە لەژێر کەڵبەی یەکێك لەم هێزە نامۆیانەدا لەخوێنهەڵکێشراوە. لەئاستی گشتی وسەراسەریشدا، جەنگ وکوشتار، تیرۆر وتەقاندنەوەی هەرڕۆژە، پاشاگەردانی ودزی وفەساد وگیرفانپڕکردن، هەڵگیرانی ئاسایش، بێکاری، هەژاری، نەخۆشی وبێدەرمانی وبێئاو وکارەبایی، دیاری دەستی ئەو دیموکراسییەیە کەبۆش وبلێر بەڵێنیاندابوو لەجێگای دیکتاتۆری صدام حسین بۆ خەلکی بهێنن، وهەرلە تاڵەبانی وبەرزانی وچەلەبی وپاچەچی وسیستانی وصدر وحکیمەوە بگرە تادەگاتە قەڵەم و ویژدانفرۆشانی وورد ودرشتی ئیسلامی وقەومی وقەبیلەیی هەلهەلەیان بۆ هەڵدەدا وئێستاش هەرکاوێژیدەکەنەوە! هەرکەسێك ئەگەر زەڕەیەك ویژدان لەگیانیدا مابێت ناتوانێ ئەم حەقیقەتە نەسەلمێنێ ودانیپێدانەنێ. ئەمە تابلۆی واقعی ژیانی کۆمەڵگایەکە کە35ساڵی ڕەبەق بەدەست دەستوور ویاساو ڕێسای فاشیزمی بەعسی–ئیسلامی ڕژێمی صدامەوە دەیناڵاند، وکۆمەڵگا وەکو زیندانێکی گەورەی لێهاتبوو، چاوەڕووانبوو بەم هات وهاوارەی دیموکراسی وماف مرۆڤەی ئەمریکا وهاوپەیمانانی، ئەلهەقی دەروازەیەك بەڕوویاندا بکرێتەوە وهەناسەیەك بدەن وئاهێکیان بەبەردابێتەوە! بەڵام کامەیە ئەو دەروازەیە!؟**

لەوڕۆژەوە کەصدام کۆتایی پێهات وئەمریکا هیزەکانی خۆی جێگیرکردووە، تائەم ساتەی من ئەم ووشانە ئەنووسم جەنگێکی تەواو ئاشکرا بەپانتایی ئەم وولاتە هەڵایساوە ورۆژبەڕۆژ زیاتر کڵپەدەسێنێ. جەنگێك لەسەر دابەشکردنی کورسی دەسەلات وسەروەت وسامانی وولات لەنێوان هەموو تەرەفەکانی ئەم بزووتنەوانەدا. بەپیچەوانەی ڕاگەیاندنی جۆرج بۆشەوە بۆ کۆتاییهاتنی جەنگ لەنیسانی 2003دا، جەبهەکانی ئەو جەنگە ناوخۆییە لەعیراقدا کەئەمریکا تەرەفێکی سەرەکییە تیایدا، گەورەتر وترسناکتر دەبنەوە. لەکاتێکدا زیاتر لە100هەزار ئینسان بوونەتە قوربانی ئەم جەنگە، ئیتر بێئابڕووییە کەسانێك تازە بێن بەهەڕەشەی سەرهەڵدانی جەنگی ناوخۆ خەڵك بترسێنن بۆئەوەی ناچاریانبکەن ملبدەن بەم گاڵتەجاڕەی بەناوی دەستوورەوە بەرپایانکردووە. ئەمە چ مانایەکی هەیە جگەلەوەی کەئاجێندەی ئەم هێز ولایەنانەی کەزیاتر لەدووساڵە لەسەر تەقسیمی دەسەلات وداهاتی وولات لەجەنگێکی بەردەوامدان وبەئاکامیێکیش نەگەیشتوون، وئێستاش کەسیناریۆی دەستووریان هیناوەتەپێشەوە وەکو ڕووپۆشێك بۆ شاردنەوەی ئەم ئەزمە وبنبەست وجەنگەناوخۆییە تەواو عەیارەیان بەکاریدێنن، کارەسات ومەرگەساتی جەرگبڕی زیاتروزیاتری تێدایە بۆ خەڵکی عێراق! ئەویش لەپێناوی ئەوەی کەدەسەلاتی دەوڵەتیی لەسەر بنەمای قەوم وتائیفە لەنێوان مشتێك سەرۆك خێڵ وقەبیلەی نامۆ بەژیانی هاوچەرخدا دابەشبکرێت.

هەر گۆشەیەکی ڕەشنووسی دەستوور بگریت، بۆنی جەنگ ومەرگ وخوێنی لێدێت! هەتا ئەوکاتەی کۆمەڵگایەکی مەدەنی وەکو عێراق تەسلیم بەوەدەبێت کەحکومەت ودەوڵەتێك لەسەر بنەمای ئیسلام حوکمیبکات، دەبێ ئەم جەنگە ناوخۆییەی باسمکرد چەند ساڵی تربخایەنێ!؟ دەبێ چەند هەزار ئینسانی کۆمۆنیست وچەپ وڕادیکاڵ وشەریفی ئەم وولاتە ئیعدام یالەچاڵەتاریکەکاندا توونبکرێن!؟ چەند هەزار ڕابەری کرێکاری وخەباتی جەماوەری بۆ دیفاع لەژیانی ڕۆژانە دەسگیر یابێکار ودەربەدەر وڕیسوابکرێن!؟ دەبێ چەند سەدهەزار ئینسانی بێدین وسکۆلار ومۆدرێن وئازادیخواز سەرکوتبکرێن ودەمیان بدوورێت!؟ بۆئەوەی 60٪دانیشتوان، یانی ژنان، ملبدەن بەحیجابی ئیجباری وژیانی کۆیلەتی لەژێرسایەی حوکمی خودا وقورئاندا،و لەچواردیواری ماڵ وچێشتخانەدا زیندەبەچاڵبکرێن، وتەسلیمبن بەجینۆسایدی ئیسلامیی، دەبێ چ بارستاییەك لەکۆنەپەرستیی وجەهل وخورافەی زیاتر هووروژم بۆ عێراق بهێنێ!؟ بۆئەوەی سەیران وشادی، کەیف وهەڵپەڕکێ، گۆرانی ومۆسیقا،

خەندەوپێکەنین، هونەروشیعر وقەڵەم، نابوود ولەگریژەنەبچێ، دەبێ پیشەسازی بەرهەمهێنانی وەهەم وخورافاتی دینیی وقەومی وتائیفیی چ بودجە وسەرمایەیەکی سەرسوڕهێنەری بۆ بخرێتەکار، لەجیاتی بنیاتنانەوە وبەگەڕخستنەوەی بنەمای ئابووری ئەم کۆمەڵگایە ودابینکردنی کارەبا ودەرمان وئاوی خواردنەوە وئاسایش بۆ خەڵك!؟ لەپێناوی سەربڕینی ئازادی وقەدەغەکردنی ووشەی هەقدا دەبێ چەند برینی قووڵی دیکە لەویژدانی مرۆڤایەتیدا هەڵبکوڵرێت!؟چەند وچەندی ترو...تد!! هەموو لایەنەکانی پشتی ڕەشنووسی دەستوور بەوانەشەوە کەهێشتا برێك ناڕازین گوایا لەتەقسیماتی ناو دەستوور، یانی بەعسییەکان وزەرقاوییەکان، کەبەسوننە ناسراون ئامادەن لەپێناوی گەیشتن بەمەرام وئامانجی خۆیاندا، یانی بەشەدەسەڵات وسەروەت وداهاتی وولات، هەروەکو تائێستاش هەروایان کردووە، بەپشتی هێزەداگیرکەرەکانی ئەمریکاوە ئەم سیناریۆیە بەرپابکەن وئەم کۆمەڵگایە لەناو جەنگ خوێن وکوشتار وکارەساتدا نغرۆتر ونابوودتربکەن! ئەمە ئەو ڕێگاچارەیەیە کەهێز ولایەنەکانی پشتی دەستوور دەیخەنە بەردەم ئەم کۆمەڵگا کارەساتبارە لەڕێگای بەرپاکردنی گاڵتەجاڕی دەستوورەوە.

هاووڵاتییەك بەڕێکەوت لەبەغدا کامیرا ومایکرۆفۆنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی پرسیاریان لێکرد دەربارەی دەستوور، ئەو ووتی، بابە دەستووری چی!! دەستوور چی لێبکەین!؟ ئەگەر ڕاستدەکەن با کارەباو ئاو وئاسایش دابینبکەن! ئەمە قسەی دڵی تەواوی خەڵکی عێراقە، کێشە ومەسەلەی ئەصڵیی ئەو خەڵکەیە بەدرووست. سیناریۆی دەستوور دوو ئامانجی سەرەکی لەپشتەوە وەستاوە، یەکەم لایەنەکانی دەرگیر لەگەڵ دەستووردا دەیانەوێ بنبەست وناکامییان لەمەیدانی دەوڵەتکردن ووەڵامدانەوە بەکیشەوگرفتی خەڵك وکۆمەڵگا،لەوانەش دابینکردنی ئاو وکارەبا ودەرمان وئاسایش، بەوە داپۆشن کەمەسەلەی ئەصڵیی عێراق گوایا دەستوورە، وئەوان ئەم دووساڵ وخوردەیە ئەم دەسکەوتەیان هێناوە بۆخەڵك، یانی دەستوور،دووەم،بۆئەوەی لەم ڕێگەیەوە هەم خەڵك وهەم سیناریۆی دەستوور گرێبدەنەوە لەگەڵ گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنی پێشوو سابەڵکو کەمپەینی ڕاپرسی لەسەر دەستوور بەڕێبخەن وبەوجۆرەش خەڵك هەروا سەرگەرمتر ڕابگرن لەپشتی پرۆژە وبزووتنەوەکانیانەوە. هەردوو ئامانج بەموو پەیوەندییان نییە بەخەڵك وبەمەسەلەی خەڵك وبەژیانی ئەوانەوە.بەمپێیە دەستوور بازدانە بەسەر ئەوشتەدا کەکۆمەڵگا وەکوئۆکسجین بۆ ژیان پێویستی پێی هەیە. دەستوورێك کەبەدژی خواست

ومەسەلەی ئەصڵیی کۆمەڵگا کرابێتە پەردەیەك بۆ شاردنەوەی سیناریۆیەکی ڕەش کەئەو کۆمەڵگایەی نابوودکردووە، ونەك هەرئەوەش بەڵکو باعیسی قووڵتربوونەوەشی بێت، دەبێ هەرچی زووە بێئیعتیبار وڕیسوابکرێت، وئەوانەشی لەپشتییەوە وەستاون بەئیرادەی جەماوەریی ملیۆن ملیۆن خەڵکی عێراق وەکو هۆکاری ئەم ڕۆژڕەشی ونەهامەتییەی کۆمەڵگاکەیان بدرێنەقەڵەم وبکرێنەدەرەوە. ئەم هێز ولایەنانەی پشتی سیناریۆی دەستوور ئەندازیاری ئەم سیناریۆ ڕەشەن وعەقڵی سەلیم قبووڵناکات کەئەمانە توانای دەربازکردنی کۆمەڵگایان هەبێت لەم زەلکاوەی کەخولقاوی دەستی خۆیانە. چاوەڕووانیی باش لەم هێزانە جگەلە کارەساتی زیاتر وتووندتربوونەوەی ئەم سیناریۆڕەشە شتێکیتر نییە. خەڵك دەبێ خۆیان ئیرادەی خۆیان بەگەڕبخەن بۆ دەرکێشانی کۆمەڵگاکەیان لەژێرچەپۆکی ئەم هێزە ڕەشانەدا وئەم پیلانە چەپەڵەش، واتە دەستوور وڕاپرسی وهاتوهاواریان ڕیسوا وناکام بکەنەوە. کۆنگرەی ئازادی عێراق ومەنشووری ئەم ڕێکخراوە ڕێبازێکی عەمەلی وسیاسی ودیموکراسیانەیە بۆ هەموارکردنی خواستی خەڵکی عێراق بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەم موئامەرەچەپەڵەی ئەمریکا ودەست وپێوەندە قەومی وئیسلامی وتائیفییەکانیدا. ئەگەر بڕیاربێت خەڵکی عێراق وکۆمەڵگای عێراق بەدوای ڕژێمی صدامدا ئەو ئومێدەی هەیانبوو بێتەدی، یانی دەروازەیەکی ئازادییان بەڕوودابکرێتەوە، تەنها ڕێگاچارە هاتنەمەیدانی خۆمانە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆمان وکۆمەڵگاکەمان لەلایەن خۆمانەوە. هەنگاوی یەکەمیش ڕیسواکردنی ئەم دەستوورەیە، بەڕژانە شەقامەکانمان وبەرزکردنەوەی شیعاری ، نـا بۆ دەستوور.. بەڵێ بۆ نان وئاسایش و ئازادی.

2005-09-04